شانۆ

ئازاد بەرزنجی

# لەو کێشانەی دووچاری بزووتنەوەی شانۆیی کوردی بوون

کێ بێ نکوولی لەو ڕۆڵە ئینسانی و کۆمەڵایەتی یە مەزنەی شانۆیکات کەهەر لەسەرەتای ژیانی مرۆڤایەتیەوە تائەمرۆی دواچارەکی سەدەی بیستەم بینیویەتی ، ئەم هونەرە مەزنەی کەئاوێنەیەکی چڕکراوەی جیهانی دراما پڕملململانێ و بێکۆتاییەکەی مرۆڤە لەگەڵ سروشت و مرۆڤ و خوددا ، کەبەتەنها ئەرکەکەی لە چێژبەخشیندا کۆنەبووەتەوە ، بەڵکو سەرباری ئەمەیش ڕۆڵێکی گۆڕانکاری لەبواری ژیانی ئادەمیزاددا دیوەو بووەتە مینبەرێك بۆ وتنەوەی وانەی جوانی و خۆشەویستی و گەڕان بەدووی ڕاستیداو خستنەڕووی مرۆڤ بەڕووتکراوەیی و هەڵماڵینی دەمامکی ساختەیی و درۆو بەدخوازی لەسەر ڕووی .

ئەم هونەرە بەرزە لای ئێمە هێشتا لەقۆناغی پێڕەوکەدایە ، ومێژووی بزووتنەوەی شانۆیی کوردیمان بۆچەندان ساڵێك دەگەڕێتەوەو گەرچی تین وتاوی ئەمچەند ساڵەی دوایی لەجاران بەهێزتر بووە ، بەڵام وێڕای ئەمەیش تاوەکو ئێستا بەدەست زۆر گیروگرفتی کاریگەرەوە دەناڵێنێ و ئاوڕدانەوەیەك لەوگیروگرفتانە مەسەلەیەکی پێویستەو دیاری کردنیان هانداغانە بۆ بزووتنەوەیەکی بەگوڕو هەنگاوێکی نوێ کەئێمە ئەوپەڕی پێویستیمان پێیانە .

**١ – نەبوونی پیەسی شانۆیی :–**

بەڵگەنەویستێك هەیە ئەویش ئەوەیە کەنمایشی شانۆیی بێ پیەس وەدی نایەت ، واتە هەموو نمایشێکی شانۆیی پشت بەوشە دەبەستێ (تەنانەت گەر ئەو وشەیە تەنها بەرجەستەکراویش بێ وەکو لە پانتۆمایم یان بالێتدا دەیبینین) ، بۆیە تێکستی شانۆیی توخمێکی سەرەکی بەرهەمی شانۆییەو زەمینەی یەکەمی نمایشە .

گەر چاوێك بەشانۆی جیهانیدا بخشێنین ئەوا دەبینین زۆربەی ئەو شانۆیانە وابەستەن بەناوی نووسەرانیانەوە[١] ، ئەوەتانێ کەدەڵێین شانۆی کلاسیکی گریك یەکسەر ناوی بلیمەتانێکی وەکو ئەسخیلیۆس (٥٢٥–٤٥٦ پ .ز) ویۆرپیدس (٤٨٦–٤٠٧ پ .ز)و سۆفوکلیس (٤٩٧–٤٠٥ پ .ز)و ئەریستۆفانیس (٤٤٨–٣٨٥ پ .ز) مان وەبیردێتەوە ، یان کەدەڵێین شانۆی ئینگلیزی دێرین هەرگیز ناتوانین بلیمەتانێکی بۆنموونە وەکو شەکسپیر (١٥٦٤–١٦١٦)و مارلو (١٥٦٤–١٥٩٣) لەیاد بکەین ، ولەدوان لەمەڕ شانۆی ئینگلیزی لەم سەدەیەشماندا کەڵەنووسەرانێکی وەکو برناردشۆ (١٨٥٦–١٩٥٠)و جۆن ئۆزبۆرن (١٩٢٩ – / )و جۆن ئاردن (١٩٣٠ – /)مان لەیادناچێ ، وهەروەها شانۆی ئێرلەندیش ئەمەکی ییتس (١٨٦٥–١٩٣٩) ولەیدی گریگۆری (١٨٥٢–١٩٣٢)و سینگ (١٨٧١–١٩٠٩)ی زۆر بەسەرەوەیەو هەرئەوان دەنگی ڕەسەنی ئەو شانۆیە بوون ،

وئاشكرایشە بەرهەمەكانی گۆرگی (١٨٦٨-١٩٣٦)و چیخۆف (١٨٦٠-١٩٠٤) وزۆر لەنووسەرانی دی‌رووس چۆن خوێنیان وەبەر دەمارەكانی «شانۆی مۆسكۆی هونەری»دا كردو مێخەكانی نەریتێكی شانۆیی رەسەنیان داكوتی.

كەواتە نووسەری شانۆیی لایەنێكی سەرەكی‌ی نمایشی‌و بنیادنانی شانۆیەو تەواوكەری ئەو هاوكێشە شانۆییەیە كەلە (پیەس + دەرهێنەر + ئەكتەر + تەماشاكەر) پێك‌دێ.

بالەم ڕووەوە بەچاوێكی رەخنەییەوە لایەك‌لە بزووتنەوەی شانۆیی كوردی بكەینەوە.

بێگومان ئەودیاردە زەقەی لەئارادایە ئەوەیە كە تاوەكو ئێستا نووسەری شانۆیی لامان گەلاڵە نەبووەو دەیشتوانین بڵێین گۆرەپانەكە چۆڵەو خۆگەر جارجاریش پیەسێكی نووسراو یان نمایشكراومان بێتە پێشچاو ئەوا بێ سێ‌ودوو دەڵێم لە زۆر كەموكورێ‌ی تەكنیكی نووسینی شانۆیی قوتار نەبووەو لەبازنەیەكی تەسك‌و نوقساندا سووڕاوەتەوە.

ئێمە لەگەڵ ئەوەدا كە دەڵێین پێویستمان بە نووسەری شانۆیی هەیە تاتاوی ڕاستەقینە بە بزووتنەوە شانۆییەكەمان بدات تاڕووەو رەسەنایەتی هەنگاوبنێ، بەڵام ئەوە ناگەیەنێت هەر نووسەرێك بێتو گەر شارەزاییەكی ئەوتۆشی لە كەلەپووری شانۆ لەرووی ئەدەب‌و تەكنیكەوە نەبێ دەست بداتە قەڵەم‌و بەناوی پیەسەوە بەرهەمێكی كاڵ وە ئەنجام بهێنێ.

نووسینی شانۆیی وەكو گشت هونەرێكی دی ئافراندنەو بەرپرسیاریەكی ئیستاتیكی‌و كۆمەڵایەتی‌یە، ونووسەری شانۆیی دەبێ بزانێ چی دەنووسێ‌و بۆچی دەنووسێ‌و چۆن‌و بۆ كێ‌ی دەنووسێ.

بەڵام لێرەدا راستی‌یەك هەیە پێویستی بە دیاردی هەیە، ئەویش ئەوەیە كە داهێنان لەبۆشایی‌داو لەخۆڕا وەدی‌نایەت، نووسەرێكی كوردیش كاتێك دەیەوێ شانۆییەك بنووسێ (مەبەست لێرەدا لەنووسەری خاوەن سەلیقەو ئەزموونە) بەڵام نەریت‌و كەلەپوورێكی شانۆیی كوردی نی‌یە پەنای بۆ بەرێ‌و



پشتی پێ ببەستێ، دەتوانێ سوود لەئەزموونە جیهانی‌یەكان وەربگرێ بەڵام نەك بەمەبەستی لاسایی كردنەوەیەكی كوێرانە، بەڵكو لەپێناوی ڕۆنانی رەسەنایەتی‌و خولقاندنی مۆرك‌و تۆرەو تەكنیكی تایبەتی.

هەندێ بنچینەو بنەما هەیە مێژووی شانۆ سەلماندوویەتی كەنووسەری شانۆیی دەبێ رەچاویان‌بكات‌و ئەفەرۆز (إهمال)یان نەكات‌و دەبێ توانای بەسەریاندا بشكێنەوە، لێرەدا مەبەست لە تەكنیك‌و بنچینەكانی نووسینی شانۆییە كە جیاوازە بۆنموونە لەتەكنیكی چیرۆك نووسین‌و بنەماكانی هەر لەرووی هەڵبژاردنی ڕووداوو جۆرێتی ململانێ‌و پلۆت «الحبكة»و بەكار هێنانی دیالۆگ‌و . . . هتد.

رۆشنبیری‌ی شانۆیی زیاتر یاریدەی نووسەری شانۆیی دەدات پیەسی هونەری‌تر بنووسێ‌و نەبوونی سەلیقەو رۆشنبیری‌ی شانۆیی كەلەبەر دەخاتە توانای نووسەرەوەو پیەسەكەی لاواز دێتەئەنجام، هەر بۆیە خوێندنەوەی كارەشانۆییە جیهانیەكانی مەزنە درامانووسە جاویدەكان زیاتر شارەزایی نووسەر بەزانینی بنەماكانی هونەری نووسینی شانۆیی دەوڵەمەند دەكات.

مەسەلەیەکی دی هەیە دەمەوێ دیاردی بۆبکەم ئەویش کردەی ئامادەکردنە کەئەمیش خۆی لەخۆیدا گەر زیرەکانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ کاری خۆی لەپەرەو گەشەپێدانی بزووتنەوە شانۆییەکەدا دەبێ ، بێگومان ئامادەکردنی شانۆییش بنچینەو بنەمای خۆیهەیەو هەروا کارێکی هەرەمەکی نی یە ، جائەم ئامادەکردنە لەچیرۆکێکەوە بێ یان کارێکی ئەدەبیی دی ، پێویستە ئامادەکەر رەچاوی بکاتو شانۆییانە مامەڵە لەگەڵ ئەو دەقە ئەدەبیەدا بکاتو پارێزگاری کرۆکی دەقەکە بکاتو هەوڵ بدات درامابیانە بۆ پیەسێکی شانۆیی بگۆرێ .

خاڵێکی دی هەیە پێویستە ئاورێکی لێ بدەینەوە ئەویش جیاوازی نێوان «وەرگێران بەدەبسکاریەوە»و «ئامادەکردن»ی تێکستێکی شانۆیی جیهانییە بۆ کوردی ، کەزۆر جار ئەم دووچەمکە شێوێنراون ، یەکێك دێتو بەناوی وەرگێران بەدەسکاریەوە بە ئارەزووی خۆی لەپیەسەکە کەموزیاد دەکاتو مەبەستی نووسەر دەشێوێنێو کاتێکیش شانۆییەکە نمایش دەکرێ لەسەر تابلۆی ئیعلانو دەلیلی نمایشەکە هەر ناوی نووسەرە ئەسڵییەکە دەنووسرێ ، وکاتێکیش نمایشەکە دەبینیت بۆت دەردەکەوێ کە رووداوەکە لە شارێکی بیانی روودەداتو کەچی ئەکتەرەکان بەرگی کوردیان پۆشیوەو ناوەکان هەندێکی کراون بەکوردیو کەشێکی کوردەواریت لادەخولقێنن . ئەمە گەر ناوی (وەرگێران بەدەسکاری»یشەوەی لێ بنێین هەر لە جێی خۆیدا نییەو کارێکی نادروستە .

هەروەها ئەمە بەکوردیکردن «تکرید»یش نییەو پێویستە ئاگامان لەمەبێت ، بەنیسبەت بەکوردی کردنی شانۆییەکیشەوە دەبێ ئامادەکەر ئاگاداری ژنگەی کۆمەلایەتیو سایکۆلۆژیی کاراکتەرانی پیەسەکە بێتو رەچاوی جیاوازی ژنگەی هەردوو کۆمەڵگاکە بکات .

خاڵێکی دی هەیە با بە سەرماندا رانەبوورێ (گەر چی باسی فراوانو تایبەتی لەخۆدەگری) ، ئەویش پەنابردنە بەر کەلەپوورە (نەتەوەیی بێ یان جیهانی) ، کە گەنجینەیەکی نەمرو مادەیەکی بەپیتی شانۆیەو هەر لەدەمی سەرهەڵدانو فراژیبوونی شانۆوە لای گریکەکان سوودی لێوەرگیراوە تاوەکو شانۆی هاوچەرخ (جا چ داستان بێ یان ئەفسانە یان چیرۆکە میللیەکان . . هتد)و بوونی پەیوەستیی ویژدانی کەلەپوور بەخەڵکەوە زیاتر وای لێدەکات مادەیەکی لەبار بێ بۆ شانۆ ، بەلام مەسەلەی بەشانۆ کردنی کەلەپوور «مسرحة التراث» شتێکی داوانەکراوە ، چونکە شانۆ برێتییە لە ئێستا «الحاضر» نەك رابوردوو ، وئێمە لەمیانەی کەلەپوورەوە دەمانەوێ بروانینە ئێستامانو بوونی ئێستامان لەنێوەندی ململانێکانی ئەم چەرخە ئاڵۆزەماندا ، دەنا گەر وانەبێ هیچ پێویست بەگەرانەوە بۆکەلەپوور ناکات چونکە مۆزەخانەیەك نییە تا سەیری شتە عەنتیکەکانمانی تێدابکەین .

بەنیسبەت وەرگێرانیشەوە دەڵێین کە لەم قۆناغەماندا رۆڵێکی کاریگەر لە پەروەردەکردنی کادیرو جەماوەری شانۆییماندا دەبینێ بەلام نەك وەرگێرانی هەموو جۆرە شانۆییەك ، بەڵکو دەبێ وەرگێر لەهەڵبژاردنی پیسەکەدا زیرەك بێتو وەرگێرانەکەی پوخت بێت ، نەك بە ئارەزووی خۆی سەروسەکوتی پیسەکە تێك‌بشکێنێ ودەربەست بەلایەنی هونەری لە وەرگێرانەکەیدا نەیەت [٢] . هەروەها دەبێ وەرگێر لەبەکارهێنانی زمانی شانۆییدا کارامەو لێهاتوویێتو دووربێ لەتێهەڵکێش کردنی وشەو رستەی ئاڵۆز (تا بەلای تەماشاکەرەوە بەتایبەتی نامۆ نەبێ)و پێویستە پارێزگاری ئیقاعو کەشو دیالۆگو سەرجەمی لایەنە هونەریەکانی دی شانۆییەکە بکات .

**٢ – رەخنەو تۆژینەوە :–**

رەخنە :–

رەخنەی شانۆیی پاشکۆی شانۆیی نووسراو یان

نمایشکراوه ، واته تا پیەسێکی نووسراو یان نمایشکراو نەبێ ڕەخنەیش نایەتە ئاراوە ، کەواتە دەتوانین بڵێین لەسەر دوو هێڵی هاوتەریب دەڕۆن ، ودەبێ دیاردی بۆ ئەوەیش بکەین کە ڕەخنە لە شانۆییەکی نووسراو (وەکو تەکنیکی نووسینی شانۆیی) لە ڕەخنە لە شانۆییەکی نمایشکراو (وەکو تەکنیکی نمایش) جیا دەبێتەوە ، گەرچی لێرەدا مەبەستم لەوە نی یە دیوارێك لەنێوان پیەس‌و نمایشدا دروست بکەین ، نەخێر چونکە پیەسی سەرکەوتوو ئەوەیە کە نمایشێکی سەرکەوتوو دەهێنێتەدی ، بەڵام ئەوەی لێرەدا مەبەستە ئەوەیە کاتێك ڕەخنەساز پیەسێکی نووسراو دەخوێنێتەوەو دەیەوێ ڕەخنەی لەبارەوە بنووسێ ، لەرووی جۆری ململانێ‌و پلۆت‌و چۆنێتی نیگارکێشانی کارکتەرەکان‌و ڕۆنانی درامایی ڕووداوەکان‌و دیالۆگ . . . هتد دەبێ بڕوانێتە پیەسەکەو سەرکەوتوویی‌و کەموکوڕی‌ی دەسنیشان بکات‌و هەڵی‌بسەنگێنێ ، بەڵام کاتێك هەمان پیەس دەخرێتە سەر شانۆ ئەرکی ڕەخنەسازی شانۆیی فراوانتر دەبێ‌و هەندێ لایەنی دی‌ی هونەری (کە تایبەتە بەنمایش) خۆی دەسەپێنێ ، وەکو دەرهێنان‌و نواندن‌و دیکۆرو ڕۆشنایی‌و جلوبەرگ‌و مۆسیقای تەسویری‌و . . . هتد .

لەمەوە بۆمان روون دەبێتەوە کە ئەرکی ڕەخنەساز ئەرکێکی هەروا ئاسان نی‌یەو ڕەخنەیش بەتەنها چەند تێبینی‌یەکی سەرپێیی‌و پیاهەڵنان یان توانج‌و تانەو تەشەر لێدان نی‌یە ، بەڵکو شیکردنەوەو هەڵسەنگاندنێکی فیکری‌و هونەری‌و ئیستاتیکی‌یە ، هەڵوێست‌و بەرپرسیاری‌یە ، لەم کلاورۆژنەیەوە دەڵێین ئایا گەر چاوێك بەو نووسراوانەماندا بخشێنین کە بە ناوی ڕەخنەی شانۆییەوە لە گۆڤارو ڕۆژنامەکانماندا بلاوبوونەتەوەو دەبنەوە تاچەند ئەوانەی تێدا دەبینینەوە ؟

بەنیسبەت ڕەخنەسازیشەوە ، مەرج نی‌یە ئەکتەرێکی هەڵکەوتوو بێ ئینجا ماف ئەوەی هەبێ سەبارەت نواندن بنووسێ ، یا دەرهێنەرێکی لێهاتوو بێ ئینجا ڕەخنە سەبارەت دەرهێنان بنووسێ ، یا نووسەرێکی شانۆیی سەرکەوتوو بێ ئینجا



ڕەخنە لەمەڕ نووسینی شانۆییەوە بنووسێ ، نەخێر . بەڵکو ئەوەی پێویستە ئەوەیە کە ڕەخنەساز شارەزای تەکنیکی ئەو هونەرانە بێت .

تۆژینەوەی شانۆیی :—

ئەوەی نکوولی لێ ناکرێ کەمی تۆژینەوەو لێکۆڵینەوەی شانۆییە بە زمانی کوردی ، پەرتووکخانەی کوردی لەم رووەوە نەدارو هەژارەو ئەمە بووەتە هۆی دروستکردنی کەلەبەرو بۆشاییەکی فراوان تیایدا ، گەرچی لەم ساڵانەی دواییدا گۆڤارە کوردیەکان بایەخێکی لەجاران زیاتریان ئاڕاستەی ئەم لایەنە کردووەو بەڵکو هەندێ جاریش ژمارەی تایبەتی بۆتەرخان کراوە(٣) ، کەئەمە خۆی لەخۆیدا هەنگاوێکی چاك‌و پێویستە ، بەڵام هێشتا لەئاستی داواکراودا نی‌یەو لەڕووی چەندێتی‌و چۆنێتی‌یەوە پێویستی زیاترمان بەبوونی تۆژینەوەی نووسراوو وەرگێڕراو هەیە نەك بەتەنها لەمەڕ بزووتنەوەی شانۆیی کوردی‌یەوە بەڵکو سەبارەت ڕێبازو قوتابخانەو تەوژمە شانۆییە دێرین‌و هاوچەرخەکان وکەڵەنووسەران‌و دەرهێنەرانی جیهانیش ، بەڵام ئەوەی لێرەدا ئامانج‌و داواکراوە باسی

زانستیو چرە نەك باسی هەرەمەکیو لاوەکی ، ئەمەو بێجگەلەوەی دیاردەیەکی دی جارجار دەبینرێ ، ئەویش ئەوەیە باسەکە وەرگێڕراوە یان ئامادەکراوە کەچی بەناوی نووسینەوە بلاّودەکرێتەوە ، ئەمە مەسەلەیەکی دروستو زانستی نی یە گەر خیانەتێکی ئەدەبی نەبیّو پێویستە توّژەرەوە رەچاوی بکات .

دواسەرنج ئەوەیە کەتاوەکو ئێستا دەبینین زۆر زاراوەی دراماپی یا شانۆیی لەلایەن تۆژەرەوانو وەرگێڕانو هونەرمەندانی شانۆوە بەهەلّە بەکار دەهێنرێو لەراستیدا ئێمە پێویستمان بە فەرهەنگێك هەیە لەم ڕووەوەو هیوادارم ئەمە بچێتە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوەو لێدوانەوە بەمەبەستی رێككەوتن لەسەر ماناو چونێتی بەکارهێنانی ئەو زاراوانە .

## ٣ – دەرهێنانو نواندن :–

دەرهێنان :–

تاوەکو سەدەی رابوردووش دەرهێنان وەکو هونەرێکی سەربەخۆ لەهونەرەکانی دی جودا نەبووبووەوەو هەر نووسەر خۆی بە بەجێهێنانی ئەو ئەرکەیش هەڵدەستا ، لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم وسەرەتای سەدەی بیستەمەوە ئەم هونەرە مۆرکو شەقڵی جوداکەرەوەی لەخۆ گرتو تاوای لیّهات هەندێ لەدەرهێنەران بوونە خاوەن پێڕەوو شانۆی تایبەتی خۆیان ، هەر لە ستانسلاڤسکی (١٨٦٣–١٩٣٨) وشانۆی سروشتی وگۆردنگریگ (١٨٧٢–١٩٦٦) وشانۆی بووکەشووشە «مسرح الدمی»ەوە تا مایرخۆڵد (١٨٧٤–١٩٤٠) وشانۆی مەرجی «المسرح الشرطي» وئەنتۆنین ئارتۆ (١٨٩٦–١٩٤٨) وشانۆی زەبروزەنگ «مسرح القسوة»و برتۆڵت برێخت (١٨٩٨–١٩٥٦) وشانۆی داستانی «المسرح الملحمي» وگرۆتۆڤسکی (١٩٣٣– /) و شانۆی هەژار «المسرح الفقیر»و . . . هتد ، واتە دەرهێنان وەکو هونەرێك ڕۆڵی لە گۆڕانکاری لەرێڕەوی شانۆی جیهانیدا بینیو دەرهێنەریش ئێستا وەکو هونەرمەندێکی داهێنەر پایەی بەرزی خۆی هەیەو تەنانەت پیّی دەڵێن گەورەی نمایشی شانۆیی «سید العرض المسرحي» .

مەبەستم لەم روونکردنەوەیە ئەوە نی یە بەراوردی بزووتنەوە شانۆییە مێژوو کورتەکەمان لەڕووی دەرهێنانەوە بە شانۆی جیهانی بکەین ، چونکە ئەمە بەراوردێکی بیّجیّیە ، بەڵکو ئەمەی مەبەستە هەست بەبەرپرسیاری کردنە لەئاست هونەری دەرهێناندا و هەروا بە سانایی تیّنەڕوانینێتی .

دەرهێنان شیکردنەوەو ئافراندنە ، دەرهێنەر لەمیانەی پیەسەوە تێڕوانینی تایبەتی بۆژیانو ململانێکانیان لە فۆرمێکی جواندا بۆ دەخاتە ڕوو ، هەروەها لەهونەری دەرهێناندا چەند بنچینەیەك هەیە کە پێویستە دەرهێنەر بیانزانیّ ، هەروەکو «ئەلکسەندەر دین» یش لەکتێبەکەی «بنچینەکانی دەرهێنانی شانۆیی»(٤) دا دیاریان دەکات لەمانەدا کۆدەبنەوە :

(١ – پێکهێنان (التکوین) ، ٢ – جووڵە (الحرکة) ، ٣ – وێنەکێشان (التصویر) ، ٤ – ئیقاع ، ٥ – پانتۆمایم (نواندنی بێدەنگ) ، بێگومان ئەمە لەپاڵ بەهرەمەندی وتوانای داهێنەرانەی خۆی وئەندێشەی خولقێنەری کە هەرگیز نمایشی سەرکەوتوولێیان بیّبەری نابیّ .

ئاشکرایە کە تاوەکو ئێستا هونەری دەرهێنان لای ئێمە لە سنووری ئارەزوو «هوایة» نەچووەتە دەرەوە بەلاّم ئەمە ئەوە ناگەیەنیّ کە ڕووبەڕووی ئەو خەوشو کەموکوڕیانە نەبینەوە کە دووچاری دەرهێنەرانمان دەبن .

لێرەدا دوو دیاردەی زەق دیاری دەکەین کە کارێکی سەلبی لەسەر ڕەوتی شانۆییمان دەکەن گەر هەروا بمێننەوە ، یەکەمیان دووپاتبوونەوە لەنمایشدا ، واتە دەرهێنەر لەچەند شانۆییەکدا خۆی دووپات دەکاتەوەو توانای نوێکاری نابێتو

بەچەند کلێشەیەکی دەرهێنانی ئامادە (كليشيهات إخراجية جاهزة) وە وابەستە دەبێ‌و ناتوانێ خۆی لێیان قوتار بکات‌و بەمە خەیاڵی داهێنەرانەی دووچاری شەلەل دەبێ‌و لە خولگەیەکی تەسکدا دەمێنێتەوە ،

دەرهێنەری داهێنەر لەهەر نمایشێکدا هەوڵی نوێکاری وتێپەڕکردنی رابوردووی هونەری خۆی دەدات‌و کاری هونەری نوێ‌ترو جوانتر وەبەرهەم دێنێ .

دووەم دیاردەی سەلبی ئەوەیە هەندێ جار دەبینین یەکێك لە ژێر ناوی دەرهێناندا کۆمەڵێك کۆدەکاتەوەو بێ‌ئەوەی شارەزاییەکی ئەوتۆی لەهونەری دەرهێناندا هەبێ‌و بێ هەست کردن بە هیچ بەرپرسیاری‌یەك بە دەرهێنانی پیەسێك لە سەر شانۆ هەڵدەسێ ، بێگومان ئەمە کاریگەریەکی خراپ لە رەوتی بزووتنەوەکەو جەماوەری شانۆ لەڕووی بەرزکردنەوەی چێژو هۆشمەندی‌ی شانۆییان دەکات .

**نواندن :**

هونەری نواندنیش تاوەکو کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم‌و سەرەتای سەدەی بیستەم هەروەکو بەهرەو ئارەزوو مابووەوەو نەچوبووە بواری تۆژینەوەو پراتیکی زانستیانەوە ، بەڵام ئەوە بوو لەودەمەوە پەیمانگای نواندن هاتە ئاراوەو ئەوەی کە شایستەی باسیشە لێرەدا ئەو سیستەمی نواندنە بوو کە ستانسلاڤسکی‌ی دەرهێنەرو- ئەکتەر لە میانەی ئەزموون‌و بنەمای زانستی‌و هونەری‌یەوە هێنایە کایەوەو بەجۆرێك پەیڕەوی کرا نەك بەتەنها لەڕووسیادا بەڵکو لەزۆربەی وڵاتانی جیهاندا دەنگی دایەوەو بە پێڕەو یان ڕێگە (الطريقه – The Method) ناسراو زۆر لەئەکتەرانی جیهانی پەیڕەوی ئەم سیستەمەیان دەکرد وبەجۆرێك کە هەندێکیان بە «ئەکتەری ڕێگە» دەناسران ، وشایانی سەرنجە کە ستانسلاڤسکی بە هۆی «ڕێگە»وە نەیویستووە کۆمەڵێك قاڵبی ئامادە یا کۆمەڵێك ڕێسای وەستاوو نەگۆڕ دابنێ ، بەڵکو هەمیشە ئەوەی سەلماندووە کە باوەڕی بە وزەی داهێنەرانەو نوێکارانەی ئەکتەر بووە . بێجگە لەمیش‌و لەهمان ئەم سەدەیەماندا کۆمەڵێك مەزنەمرۆی شانۆیی دی هاتن[5]و هەریەکەیان لە میانەی شێوازو پێڕەوی هونەری‌ی خۆیەوە ڕوانی‌یە هونەری نواندن کە ناتوانین لێرەدا لە سەری بڕۆین ،



چونکە مەبەستی ئەم باسەمان نی‌یە ، بەلکو ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە ئەوەیە کە پێ لە گرنگی‌و مەزنی نواندن وەك هونەرێك داگرین‌و هەروا بە لاوەکی تێ‌ی نەڕوانین‌و لەم گۆشەیەشەوە بڕوانیە هەندێ لەو گیروگرفتانەی گرفتاری ئەکتەرانمان دەبن‌و بوون .

هونەری نواندن چەندە لاسایی کردنەوەی هەندێ وێنەو بارو ڕووداوی هەڵبژێرراوی ژیانە ، ئەوەندەیش خولقاندن‌و داهێنانە لەلایەن ئەکتەرەوە ، چونکە بەتەنها لاسایی کردنەوە

هونەر نی یە گەر ئیزافەو خستنە سەری هونەرمەندی نەچێتەسەر ، کەئەمەیش بەهۆی خۆپەروەردەکردن لەرێ ی شارەزابوونی تەکنیكو مەشقو خوێندنەوەوە دەبێ ، چونکە زیاتر زانیاری‌و خەیاڵی ئەکتەر دەوڵەمەند دەکاتو بەهرەکەی پەروەردە دەکاتو لە کەوتنە نشێوی دووپات کردنەوەی دەپارێزێ .

کەرەسەکانی ئەکتەر کە بە هۆیانەوە بەرجەستەی کاراکتەرەکە دەکات ، دەنگو لەشیەتی ، بۆیە ڕاهێنانیان لەلایەن ئەکتەرەوە مەسەلەیەکی پێویستە ، تاوەکو ئامادەی کاردانەوەو رەنگدانەوەی تەعبیرە دەنگی‌و جەستەییەکانی کاراکتەرەکە بن ، هەر لە گۆڕینی تۆنەکانی دەنگو هێزی دەنگی‌و تیمپۆو ئیقاعی دیالۆگو هەروەها تەعبیرە جەستەییەکانی دەموچاوو دەستو پی‌و . . . هتد .

ئەگەر چی نواندن لای ئەکتەری کورد هێشتا لە سنووری ئارەزوودایە ، بەلاّم ئەمە ئەوە ناگەیەنیّ کەبایەخ بە تەکنیکی ئەم هونەرە نەداتو لەش‌و دەنگی پشتگوێ بخات ، گەر بە چاوێکی رەخنەییەوە لەئەکتەری کورد بڕوانین چەندان خەوشی زەق دەبینینەوە لەوانە :—

١ — ئەکتەری کورد ئەوەندە گرنگی بە رۆشنبیری‌ی خۆی نادات تا ئاسۆی بیرو هونەری‌ی خۆی فراوان بکات .

٢ — ئەکتەری کورد بایەخ بە ڕاهێنانی لەشی نادات ، کەئەمەیش ئەبێتە هۆی رەق‌و تەختینی لەش‌و ئەوکاتە بە رەنگدانەوەی هەستو خرۆشەکانی ناوەوەی ئەکتەر هەڵناسیّ ، لەکاتێکدا لەش یەکێکە لە ئەدگارە گرنگەکانی کاراکتەرو جاری واهەیە تاقە جووڵەیەکی بچووکی پەنجەیەك یا دەستێك مەدلولێکی هونەری‌و فیکری‌و ئیستاتیکی گەورە دەبەخشیّ .

٣ — ئەکتەری کورد مەشق دەنگی پشتگوێ دەخات ، کە دەنگ یەکێکە لەکەرەسە گرنگەکانی ئەکتەرو پێویستە جوانو پاكبێت تازیاتر وباشتر مانای وشەکان بگەیەنێتو چێژ بەنمایشەکە بداتو گوێ‌ی تەماشاکەر جاڕس نەکاتو بەڕوونی وشەکان لە زار بێنە دەرەوەو کاریگەر بێت ، نەك وشك وسارد و مردوو ، ئەکتەرمان هەیە دەنگی خۆش‌و پاکە ، بەلاّم ناتوانیّ بە تەکنیکێکی جوانەوە بەسەریدا زاڵ‌بیّ ، کە ئەمەیش خەوشێکی ئاشکرایە .

هەروەها ئەکتەر پێویستە شارەزای تەرزە جیاوازەکانی ئیلقا «القاء» بێت ، چونکە ئیلقا لەشانۆییەکی کلاسیدا جیاوازە لەئیلقا لەشانۆییەکی رۆمانسی یا ڕیالیستو . . هتد .

**٤ — دووپات بوونەوە :—**

زۆر لەئەکتەرانمان کە لەچەند نمایشێکی شانۆیدا بەنواندن هەڵساون ، دەبینین لەبری ئەوەی بە نواندنی کاراکتەرەکە هەڵبسن خۆیان دووپات دەکەنەوە ، واتە گەر فلاّنە ئەکتەر لەچەند نمایشێکدا لە جلوبەرگو ماکیاژەکەی داماڵیت بۆت دەردەکەویّ کە هەمان نواندنی پێشووی دووپات دەکاتەوە ، ئەمە لەکاتێکدا ئاشکرایە کاراکتەرێك تا کاراکتەرێکی دی‌و شانۆییەك تا شانۆییەکی دی لەیەك جیاوازن‌و هەریەکە خاوەن مەودای سایکۆلۆژی وفسیۆلۆژی‌و سۆسیۆلۆژی‌ی تایبەتی خۆیەتی وپێویستە ئەکتەر زۆرچاك لەمە وریا بێت .

بەر لەوەی کۆتایی بەم خاڵەیش بهێنین پێویستە دیاردی بۆ لایەنێك بکەین کە تاوەکو ئێستا لەلای ئێمە بایەخێکی لاوەکی پی‌دراوە ، بەلاّم لەڕاستیدا ڕۆڵێکی کاریگەری لەسەر نمایش هەیە کەئەویش هونەرە تەواوکەرەکانی دی نمایشن هەر لەدیکۆرو رۆشنایی‌و ماکیاژو جلوبەرگو مۆسیقای تەسویری‌و . . . هتد ، کەهەریەکیّ لەم هونەرانە خاوەن بەهای جوانی ی خۆیەتی‌و گەر بە توانایەکی هونەری لێهاتووانەوە بەکارهێنرا چێژی نمایشەکە بەرزتر دەکاتو پێویستە بەجی‌هێنەریان شارەزای تەکنیکی ئەو هونەرانەبێت(٦) .

**٥ — جەماوەری شانۆیی :—**

دەگوتریّ «شانۆ بی‌جەماوەر گاڵتەجاڕی‌یە» ، بەلاّم جەماوەریش بەبیّ شانۆ مەئساتە .

راسته شانۆ یەکێکە لەهۆیەکانی پێك گەیشتنی ئینسانی لەنێوان مرۆڤو مرۆڤدا ، لەنێوان هونەرمەندو جەماوەردا ، لەنێوان نووسەرو دەرهێنەرو ئەکتەرو جەماوەردا ، بەلاّم ئایا ئەرکی شانۆ لەئاست جەماوەردا لەچیدا چڕ دەبێتەوە ؟ ئایا دەبێ شانۆ ببێتە مەکۆیەك بۆکات بەسەربردنو چێژێکی ساتی ؟ .

لەکاتێکدا شانۆ لەئارادا هەیەو بەلاّم بەرهەمی کالّوکرچو بێئاست پێشکەش دەکرێ (جا بەهەر مەبەستێك بێ) وخاوەن جەماوەرێکی زۆریش بێ ، ئەوا ئەو کاتە شانۆ دەبێتە گالّتەجاری وجەماوەریش بۆ دیتنی گالّتەجاری دەچن ، بێگومان لێرەدا تاوانەکە ئەکەوێتە ئەستۆی هەردوولا (واتە هونەرمەندە شانۆییەکە وجەماوەرە شانۆیەکە) وهەردوولایش بەرپرسیارن ، شانۆ گەر قوتابخانەی جەماوەریش بێت ، ئەوا قوتابخانەی راستیو جوانی‌یە ، نەك گالّتەجاریو کات بەسەربردنو بانگاشەکردن (چونکە ئەوکاتە دەبێتە هۆیەکی راگەیاندن ، بەلاّم راگەیاندن شتێکەو هونەر شتێکی‌ترە) ، وبەرپرسیاری و ئەرکە ئینسانیەکەی هونەرمەندی شانۆ لەوە بلّندترە ، کە ئەمەیش دەلّێم پێ‌لەوە دەنێم کە لەم سالاّنەی دوایدا نمایشی سەرکەوتوومان هەبووە ، بەلاّم وەنەبێ ئەمە وامان لێ بکات چاو لەو نمایشانە بپۆشین کە لەهونەری شانۆیی رەسەن بەدوور بوونو کەچی جەماوەرێکی زۆریش لیّ‌ی قایل‌بوون ، بێگومان ئەمە بەلّگەی نەبوونی رۆشنبیری هونەری‌و بەتایبەتی شانۆییە لای جەماوەرەکەو ئەمەیش یەکێکە لەدیاردە سەلبی‌یەکان کە بوونەتە لەمپەر لەرێ‌ی بزووتنەوەکەدا .

هەربۆیە لەسەر هونەرمەندی شانۆمان پێویستە بە بەرهەمی شانۆیی بەرز ئاستی چێژی هونەری‌ی جەماوەر پەروەردە بکاتو هەروەها پێویستە جەماوەری شانۆییش گرنگی بە هۆشمەندی‌ی شانۆییان بدەنو ئەوکاتە ئەم پەیوەستی‌یەی نێوان هونەرمەندو جەماوەرە شانۆییەکە دەبێتە هۆی گوردان‌بە بزووتنەوە شانۆییەکەمانو خولقاندنی بەرهەمی شانۆیی بلّندترو جوانتر .

## کۆتایی :-

گەرچی ئەم چاوپیاخشانە پانۆرامایی‌یە بەهەندێ لەوکێشانەدا کەبوونەتە بەربەست لەبەردەم فراژی‌بوونو گەشەی بزووتنەوەی شانۆیی کوردیماندا ، چاوپیاخشانێکی خێراو نەفەس کورت‌بوو ، ولەهەمان کاتدا رەنگە زۆر رێبەندی دی هەبێ کەلێوەیان نەدوابین ، بەلاّم ئەوەی ئاشکرایە ئەو کێشانەی لە دووتوێ‌ی ئەم باسەدا خستمانە ڕوو ناتوانرێ نکوولّیان لیّ‌بکرێ کەکاریگەربەکی سەلبی‌ی راستەوخۆیان لەسەر بزووتنەوەکە نەکردووە (لەگەلّ ئەوەی ئێمەیش ناتوانین بلّێین کەلەم باسەدا لەهەموو لایەنەکانی ئەو کێشانەمان کۆلّیوەتەوە) ، بەهەرحالّ لەکۆتاییدا هیوادارم ئەم کێشانە بچنە بواری مشتومرو لێدوانی زانستیانەوە بەئومێدی چارەسەریانو بۆ تاووتێ‌دان بەبزووتنەوەکەمانو وەدی‌هێنانی شانۆیەکی کوردی کەخاوەن ئەدگارو کەلەپوورو نەریتی خۆی‌بێت .

## پەراوێزەکان :-

١ - وەنەبێ ئەوە فەراموش بکەین کە لەشانۆی هاوچەرخدا دەرهێنەر رۆلّێکی مەزنو فراوان دەبینێ وتەنانەت زۆرلە دەرهێنەران بوونە خاوەن قوتابخانەو پێرەوی خۆیانو زۆریان ئەو پەیوەستی‌یە دەقاودەقەیان‌بە نووسەرەوە پشگوێ‌خست .

٢ - بێگومان گەر چاوێك بە پەرتووکخانەی بزووتنەوەی شانۆییماندا بخشێنین ئەم دیاردەیە دەبینینەوە .

٣ - وەکو ژمارەی تایبەتی‌ی گۆڤاری «کاروان»ژ٩ حوزەیرانی ١٩٨٣ ، جگە لەوەی لەهەندێ ژمارەی تریدا بەناوی «شانۆیی ژمارە» چەند پیەسێکی نووسراو یان وەرگێڕاوی بلاّوکردۆتەوە ، هەروەها رەخنەو توێژینەوەیش .

هەروەها گۆڤاری «بەیان» ژ ٧٧ ئاداری ١٩٨٢و ژمارە «١٠٨» حوزەیرانی ١٩٨٥ .

٤ - «أسس الأخراج المسرحي» تأليف : الكسندر دين ترجمة : سعدية نيم ، مراجعة : محمد فتحي ، القاهرة ١٩٧٥ .

٥ - بۆنموونە لەوانە ئارتۆو برێختو گرۆتۆفسکی .

٦ - هەریەك لەو هونەرانە باسی سەربەخۆی گەرەکە ، بەلاّم ئێمە لێرەدا لەسنووری دیاردی کردندا وەستاین .